# هێرشی تورک و خەمساردی کورد

## بابەتێکە بۆ گفتوگۆ

نامق هەورامی

namqjournalist@yahoo.com

لەچەند رۆژی رابردودا ئەرتەش وجبەخانەی تورک بەبەرچاوی دنیاوە کەوتە پەلاماردانی خاکی هەرێمی کوردستان و یەکەمین گورزیان لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان وەشاند و پردو رێگاوبانیان کردە ئامانجی پەلامارەکەیان،ئەمە سەرباری دەست نەپاراستنیان لەخەڵکی سڤیل.
ئامانجی هێرشەکانی تورکیا پارتی کرێکاران نییە بەتەنیا، مەبەستییان لێدانی ئیرادەی کورد و ئیدارە نیمچە سەربەخۆکەیەتی کە پاش 15ساڵ لەخۆبەرێوەبردن تازەبەتازە خۆمان بەبەشێک لەو حکومەتەی عێراق دەزانین کەئامادەنییە تەنیا بە بەیاننامەیەکیش داوابکات لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوشار بخەنە سەر تورکیا تاواز لە هێرشەکانی بێنێت.
لەناوخۆشدا چونکە گوتارێکی سیاسی و نەتەوەیی یەکگرتومان نییە، دەبینین لەئەستەمبوڵ خورت و لاوانی کورد لەدژی لەشکرکێشی تورکیا بۆسەر باشووری کوردستان خۆنیشاندان دەکەن ،کەچی ئێمە ئەوەمان پێناکرێت!
لەکاتێکتدا ئێمە لەهەرێمێکی کورددیدا دەژین بەپێچەوانەی ئەوانەوە لەولاتێکدان کورد بوون یاساغە،ئەگەر سەیری خۆپیشاندانەکانەکانی کوردان بکەین لەسەرتاسەری دنیادا دەبینین لاوازترین هەڵوێست و خۆپیشاندان لە باشوردایە .
لەسەرەتای دەنگۆی هەرەشەکانی تورکیادا کاردانەوەی جەماوەری توند هەبوو،بیرمانەو زۆری بەسەردا تێنەپەریوە کاتێک کۆمەڵێک رۆشنبیر دەروازەی ئیبراهیم خەلیلیان گرت و بریاریاندا مەگەر تانکەکانی تورکیا بەسەر جەستەی ئەواندا بێنە خاکی کوردستانی ئازادەوە،ئەوان پشت ئەستوور بوون بە هەمان هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان،بەڵام نارەزایەتی خەڵکی کوردستان لەشێوازی ژیان و گوزەرانیان بەبەراورد لەگەڵ بەرپرسان و هەندێک لەوانەی بەناوی کوردایەتییەوە بازرگانی دەکەن و پارە مۆڵ دەدەن وکۆشک و ڤیللاو سوپەرمارکێت دروست دەکەن،ئەمە کاریگەری نێگەتیفی هەیە لەسەر کاڵبوونەوەی بەها شۆرشگێرییەکان ورۆحی ئینتیما دەکوژێت.

بەڵگەم بۆ ئەمەش ئەو خەمساردی و گوێنەدانەی خەڵکە بەو جەرەیانانەی ئەمڕۆ لەنزیکیانەوە رودەدەن و بەبای خەیاڵیاندا نایەت ،بۆ نموونە رۆژی 2008/2/27 لە (بایەزید) ی باکووری کوردستان نزیکەی (20000 )هەزار کەس رژانە سەر شەقامەکانی ئەو شارە لەدژی لەشکرکێشی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان ، کەچی هەر هەمان رۆژ لە (هەولێر)ی پایتەختی کوردستاندا نزیکەی(1000) کەس لەدژی لەشکرکێشی تورک خۆنیشاندانیان کرد و وەک ئەوەی هەواڵەکان باسی دەکەن لە (سلێمانی) هەڵمەت و قوربانیدا کۆمەڵێک قوتابی زانکۆ دەیانەوێت لەبەردام زانکۆدا ناڕەزایەتی دەربڕن بەڵام پۆلیس رێگەیان پێنادات ورۆژهەلاتی کوردستانیش ئەمجارە بێدەنگە.
هەق وایە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان کەمێک واقعبینانەتر و دوور لەگیان و دروشمی شۆڕشگێرانەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە هەڵوێستە بکات و بەخۆیدا بچێتەوە و بپرسێت کوا ئەو رۆحیەتەی راپەڕینی 1991 سازدا؟.
دەسەڵاتێک پشت وپەناکانی جاران وخانەوادەی شەهیدان و زۆرێک لە تێکۆشەرانی ئەوسا کە ئێستا بەدوای پاروە نانێکدا لەمەیدانەکانی کاردا چاوەڕێن وزەی خۆیان بفرۆشن، لێی زویر بن ، نابێت بێباک بێت و دڵی بەو بازرگان و کۆنە جاش و ئەنفالچییانە خۆشبێت و پشتیان پێببەستێت کەتەنیا بەرژەوەندییەکانیان دەیانبەستێتەوە بەم خاکەوە .
ئاخر ئەوخەڵکەش ناهەقیان نییە ،لەنێو دیبلۆماسیاتی ئەم هەرێمەدا سەردەرناکەن .لەملاوە هەڕەشە و لەولاوە نەرمی، لێرەوە هاتوهاوار و لەوێوە بێدەنگی ، لێرەوە هات و لەوێوە نەهات، پێم سەیرە حزبی کوردی بە نوسراوی رەسمی بۆ دۆست و لایەنگرانی بنێرێت و داوا بکات لەدژی تورکیاو هەڕەشەکانی بۆسەر باشووری کوردستان بەشداری خۆپیشاندان نەکەن!!!
ئێستا لەگشت کاتێک زیاتر پێویستمان بە راسگۆیی و پشتیوانییە لەدۆزی کورد ،ئیتر گرنگ نییە لەکام پارچەدایە و کێ رابەرایەتی دەکات.
ئەمڕۆ باشووری کوردستان جێگەی ئومێدی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردە لەسەرتاسەری دنیادا،بۆیە پێویستە سەرکردایەتی و جەماوەری باشوور لەئاست ئەو ئومێدەدا بن و بەئەرکی خۆیان هەستن.
دەبوایە بۆ پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەیی کورد و لەدژی دەسدرێژییەکانی تورکیادا وەک ناڕەزایی دەربڕین هەرنەبێت بۆ ماوەی تەنیا رۆژێک بازار و دوکانەکانمان داخستایە و ئەوڕۆژە کەس نەچێتە سەرکار و بڕژێنە سەر شەقامەکان .

راستە خەڵک نیگەرانە ونابەرابەری زۆر دەبینن وبەڕادەیەک ماندوون لەژێر باری سەختی نەبوونی سوتەمەنی و کارەباو زۆربەی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئەوەی ئەمڕۆ هەیە بەخوێن بەدەست هاتووە و موڵکی نەتەوەیەکە نەک چەند هێزو لایەنێک وهەڵەیە ئەگەر زویربوونمان لەوان وابکات ئەم ئەزمونەمان لەبەرچاو بخات.
دەبێت ئەمڕۆ هەموان بەپەرۆشەوە چاودێری بارودۆخەکە بکەین و بەهەموو شێوازک دژی ئەو پیلانانە بوەستینەوە کە دژی کورد دەکرێت.
ئەگەر ئەمڕۆ پیلان و گەلەکۆمەکە بەناوی لەناوبردنی گەریلاکانی پارتی کرێکارانە ،بەڵام لە راستیدا دژی نەتەوەی کورد و ئەزموونی باشوور و سەربەخۆیی کوردە.
دەبێت بەو گیانەوە سەیری بارودۆخەکە بکەین کە گەریلاکان رۆڵەی کوردن و خەباتیان بۆ کوردەو سەرکەوتنی ئەوان لەدژی تورک سەرکەوتنی کوردە .